Kurdistan National Assembly
Kurdistan Region - Iraq
Human Rights Committee



ئه نجومه‌نی نیشتمانی کوردستان
هه‌رێمی کوردستان/ عێراق
لیژنه‌ی مافی مرۆڤـــ

No.
Date :

ژماره :
به‌روار :

---

## به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان

## به‌ر یّز / لیژنه‌ی مافی مرۆڤ له‌ په‌رله‌مانی سوید

## بابه‌ت / داواو پشتگیری

ئێمه پێمان وایه وولاتی سوید یه‌کێکه له‌و وولاتانه‌ی که به‌جددی له‌هه‌وڵی داکۆکی دایه له‌مه‌ڕ ماف و ئازادیه‌کانی مرۆڤ وه‌کو تاك و گه‌ل ونه‌ته‌وه‌یش ،جگه‌له‌وه‌ی که‌وولاته‌که‌تان ڕۆڵی له‌به‌رچاوی هه‌یه له‌یه‌کێتی ئه‌ورووپادان.که ئه‌وه نمونه‌یه‌کی مه‌زنی یه‌کگرتنه‌وه‌یه له جیهانی ئه‌مرۆدا.

ئێمه گه‌لی کوردستان له‌دوو روانگه وه ده‌ور و ڕۆڵی گرنگی وولاته‌که‌ی ئێوه هه‌ڵده‌سه‌نگێنین ،له‌ڕویه‌که‌وه یه‌کیك بوون له‌وولاتانه‌ی که‌پشتگیریتان کرد له‌گه‌لی کوردو له‌گه‌لانیتری عیراق له‌رووخاندنی ئه‌ورژێمه دیکتاتۆره که خوێنی گه‌لانی عیراقی مژی بوو.
دووهه‌م ڕۆڵی کاریگه‌روو به‌رچاو تان له‌کردنه‌وه‌یی باوه‌شی میهره‌بانیتان بۆئه‌و هه‌زاران په‌نابه‌ره‌کوردانه له هه‌رچوارپارچه‌ی کوردستانه‌وه روویان له‌وولاته‌که‌تان کردو،زۆربه‌یان له‌لای ئێوه حه‌وانه و جێگیربوون ،به‌لام ئێستا ژماره‌یه‌کی زۆریان ماون که‌له‌ساڵی 2001 وه هه‌تا ئێستامافی په‌نابه‌ریان پێنه‌دراوه,وئیستا ده‌نگۆی ئه‌وه هه‌یه که گوایه په‌رله‌مانه‌که‌تان سه‌رقالی ده‌رکردنی بریاری ناردنه‌وه‌ی ئه‌و په‌نابه‌رانه‌یه که تا ئیستا مافی په‌نابه‌ریان پێ نه‌دراوه.هه‌ربۆیه ئه‌و په‌نابه‌رانه رۆژی2005/9/10خۆپیشاندانیکی ناره‌زاییان له‌دژی ئه‌و بریاره سازکردو, داوای راگرتنی ئه‌و بریاره‌یان داوه‌و,به نوسراویکیش داوایان له ئیمه کردوه که پشتگیری له‌و داواکاریه‌یان بکه‌ین وداوا له‌ئیوه بکه‌ین بۆ راگرتنی ئه‌و ئیجرائاته.
راسته ئێستا بارودۆخی عیراق و کوردستان گۆراوه. به‌لام ئه‌وه مافێکی ئینسانیه و کۆمه‌ڵێ ئیمتیازاتی پێوه به‌ستراوه، که مێژووی هاتنی ئه‌وان زۆر له‌پێش ئه‌م گۆرانکاریه‌ی ناوعیراق دا

بوە.جگە لەوەی ئێستا لە رەشنووسی دەستوری عێراقی فیدرالیدا هاتووە کە هەموو هاوولاتیەکی عێراقی دەتوانێت هەڵگری دوو رەگەزنامەی جیاواز بێت، کە پێشتر ئەوە قەدەغەبوو ، هەروەها لەو رەشنوسەدا هاتووە هەرکەسێکی نێر یا مێی بیانی دەتوانێت لە دوای (5)سالڕ مانەوەی لەعێراقدا داوای رەگەزنامەی عێراقی بکات.دیارە وولاتەکەی ئیوە پیشتر لە ئیمە رێیازی دیموکراسیتان لەبەرگرتوەو گرنگی زیاترتان بەو مەسەلە داوە.

لەبەرئەوە داوا لە بەرێزتان دەکەین کە بەتەواوی تواناتان بەرگری بکەن لەو جۆرە بڕیارانەی لەمەڕ ناردنەوەی ئەو ژمارە زۆرە لە پەنابەرانی کورد بدرێت لە پەرلەمانەکەتاندا ، وە ئێمە لەلای خۆمانەوە هەرگیز باوەڕ ناکەین کە پەرلەمانی مرۆڤ دۆست و ئازادیخوازی وولاتی سوید هەنگاوی لەو جۆرە بنێت . هەروەها داواتان لێدەکەین بەجددی و بەگیانێکی مرۆڤ دۆستانەوە بروانن داواکاری ئەو پەنابەرە کوردانەی کە داوای مافی پەنابەری دەکەن لە وولاتەکەتان دا. چونکە ئەو پەنابەرانە زۆرترین ژمارەیان خەڵکی ناوچە لێقەوماوەکانی کوردستانن وەکو هەڵەبجەی شەهید و گەرمیان و بادینان. کە چەندجار کەوتونەتە بەر هێرشی چەکی کیمیاوی و دەرکردن وئەنفال کراون .

ئێمە لە لیژنەیی مافی مرۆڤی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی عێراق وێرایی رێزو پێزانینمان چاوەروانی پشتگیرتانین لە وەلامدانەوەی داواکاری ئەو پەنابەرانە دەکەین.بە پیچەوانەوە چاوەروانی پشتگیریو هاوکاریتان دەکەین بۆ یارمەتی پەنابەرانی ستەمدەیدەی کورد لە ئەوروپادا.

هەربژین وسەربەرزبن

محمد فرج احمد

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ

لە پەرلەمان کوردستانی عێراق